# ڕوخساری ژنێکی تەمەن ٧٥ هەزار ساڵی نیاندەرتاڵ کە نوژەنکراوەتەوە



شوێنەوارناس و نۆژەنکاران لە سەدان پارچەی ئێسکی شکاو، ڕوخساری ژنێکی تەمەن ٧٥ هەزار ساڵەی نیاندەرتاڵیان نۆژەن کردۆتەوە. پاشماوەی ئێسقانی ئەو ژنە لە ساڵی ٢٠١٨ لە ئەشکەوتی "شانەدەر" لە ناوچەی بارزان لە باشووری کوردستان دۆزرایەوە. ئێسکی سەری بەهۆی لێکەوتنی بەرد و گوشاری ماکەی نیشتووی سەر زەوی لە ماوەی ئەم هەزاران ساڵەدا  ورد و پرد بووە و بە کاری ورد و زەحمەتێکی زۆری  زانایان توانیویانە بەیەکەوی بنووسێننەوە. تیمێکی شوێنەوارناس و نۆژەنکار بە سەرۆکایەتی پسپۆڕانی زانکۆی کەمبریج ڕوخساری ئەو ژنە نیاندەرتاڵەیان لەو سەدان پارچە ئێسکە ساغ کردۆتەوە.

زانایان سەرکەوتووانە توانیان بە یارمەتی ئەو ئێسکانە و بە کەڵکوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیی وێنەی سێ ڕەهەندی، بنەمایەک بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ڕوخساری ژنە نیاندەرتاڵەکە دروست

بکەن. بە گوتەی ئیما پۆمێرۆی "Emma Pomeroy"، زانای مرۆڤناسی- کۆن لە بەشی شوێنەوارناسیی کەمبریج، دەبوو ئێسکی سەری نیاندەرتاڵەکان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مرۆڤی مۆدێرن واتە هۆمۆ ساپیەن زۆر جیاواز بن. واتە لەسەر زانیاریی پێشوو ئێسکی سەری نیاندەرتاڵەکان بڕبڕەی گەورەی برۆیان هەیە و چەناگەیان نییە، لەگەڵ نێوچاوانێکی دەرپەڕیو کە دەکەوێتە سەر لوتێکی تاڕادەیەك گەورە. بەڵام ڕوخساری ئێستای ژنە نیاندەرتاڵەکە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەم جیاوازییانە لە واقیعدا ئەوەندە زۆر و بەرچاو نەبوون.



ڕوخساری ژنە نیاندەرتاڵە تەمەن ٧٥ هەزار ساڵەکە لە سەدان پارچەی ئێسکی ورد، نۆژەن کراوەتەوە.

مالْپەڕی ڕۆژهەلات – بۆکان

www.rojhalat.de

www.bokan.de